کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

# پەیمانێ دەشکێ

**هێمن ڕەئووف**



http://www.hemnrauf.kurdblogger.com/

هەموو ڕۆژێ بۆ بینینت
ئێوارانم کردبووە
ساتی هەڵهاتنی جوانی

من لەسەر حەساری ماڵێ
لەگەڵ عەیارە بچکۆلەی ماڵەکەمان
چاوەڕوانی گەڕانەوەت بووم لە کانی .

کە دەهاتی لەنجەولارت
وەک چنار ، چۆن بە شەماڵی ئێوارەیەک
نەرم نەرم شەپۆلی بە باڵای دەدا !

ئاوهایش
بریسکەی ئەو جلە پەمەییانەت
وەکو گەڵا و،
باڵات وەکو
قەدی ڕێکی ئەو چنارە
ئازاری ڕۆحمی دەدا .

من و تۆ هەر لەوێدا و
لەو نیشتیمانە بچکۆلەی
زێدی باو و باپیرانمان
چۆن پێکەوە لەدایک بوین و گەورە بووین
هەر لەوێدا
پەیمانێکی پاکو بێگەردمان بەیەک دا ،

ئەها من لە شار  !!!!!!!!!!
زنجیر و قاپقورئانێکم بۆ هێنای !

تۆیش سەرپۆشێکی مۆزلین
وەک ئاسمان شین
لە دوای ماچێ
کردتە ملم و تێر گریای !!!!!!!!!!!!

پاش ماوەیەک پێشانت دام
وێنەیەکم
لەناو سنگتا
بەو زنجیرە
بەنهێنی بە دڵتەوە بەستۆتەوە

منیش ئەوەتا
سەرپۆشە پیرۆزەکەت
لە گەردنم نەبۆتەوە .

ئیتر ساڵ هات و ساڵ رۆیی
من کەوتمە ئەم گۆشەیەی هەندەران و
تۆیش خوێندکارێکی لە زانکۆی سلێمانی

کەچی ئێستایش  ئێواران هەر چاوەڕێی تۆم
لەباتی حەساری ماڵی
دایکی خێر لەخۆ نەدیوم

باڵکۆنێکی تەنها بەمن
کۆڵانێکی خاڵی لە تۆ
دەبێتە پێکێ لە ئاە و سەری دەخۆم

من هەر تەنها ، بێکەس، بێهاوڕێ ، بێشەریک
چاوەڕێی تۆم
تۆیش هەر نایەی دەر ناکەوی

وورده وورده
به پلیکانه دێرین و بەردینەکانی ئێرەدا سەر ناکەوی

هەر چاوە ڕێم
هەتا دنیا تاریک دادێ و
سەرما تەنگم پێهەڵەچنێ و
به ملکەچی
بۆ ژوورەکەم هەنگاو ئەنێم .

پێش ئەوەی بچمه سەر جێگا
تەلەفۆنێکت بۆ دەکەم

من دەمەوێ
کۆنه پەیمانی ساڵانی
لادێی بونمان نۆژەن کەم

تۆیش بێشەرم و بەبێباکی
دەڵێی شوم کرد .... بەیانی ئاهەنگێ دەکەم . ! .

---

2007.01.20